## من ڕۆحم ئەدەمە شەیتان ... نامۆ

ئای لەم شەوە قات و قڕە
وای لەم خەیالە پووچە
ئەمشەو وشە بۆتە سێبەری خوا لای من
نە ئەیبینم نە ئەتوانم دەستگیری کەم
نە پێنووسم بە هانام دێت
نەگریان ئۆقرە بەخشە بۆم
من ئەمشەوە چۆن بدەمە دەست کازیوە؟
ئەم چرکە ساتی مردنە
کەی باوەش ئەکا بە مەرگا و
ئەم سەرابەم لەلا ئەکاتە حەقیقەت
تۆ ئەی شەیتانی فریشتە
گۆتە ئاسا
منیش ڕۆحم ئەدەم بە تۆ
تۆ فەرهەنگێ وشەم بەرێ
تابتوانم ئەمشەوە دوورو درێژەم
بکەم بە ڕستێ هۆنراوە
وشەکانی زیندوو یاخی
وەک ڕۆحی تۆ
وەک نووری خۆت
ئەی پیرۆزترین ڕووناکی
مەملەکەتی خوداوەندە دڵ ڕەقەکان
من و تۆ ئەمشەووەک یەکین
لەیەک ئەچین
تۆ ناموورادی دەروازەی بەهەشتی خوا
منیش ناموورادی دەستی کچێ
تۆ خوداوەندت خۆش ئەویست
کەچی بەنەفرەتی کردیت
لەسۆزی بێ بەری کردیت
منیش کچێکم ئەپەرست، دڵڕەقانە بەجێی هێشتم
تۆ چۆن لەوساوە تائێستا
شان بەشانی خودا ئەڕۆیت، لەگەڵیدایت؟؟
خوداوەندی میهرەبانی لەهەرکوێ بێ
تۆی نەفرەتی لەوێندەری
منیش وەک تۆ
ئەوا بوو بە سەردەمانێ
ئەو لەکوێ بێ من بۆی ئەبمە سێبەری

ئەوکاتانە ی بەس بەتەنها
ئاخێکی لەدەم بێتە دەر
من بۆی ئەبم بە گریان و دەنگ دانەوەی
من ئەیبینم و دیار نیە
وەک نووری خوا
هەناسەی ڕێبەڕی ڕێمەو
ناوەکانی ئەستێرەی کاروان کووژمە
لەم سەرابستانی غوربەتە
وەرەو ڕۆحم پێش کەشت بێ
فەرهەنگێ وشەم بدەرێ
تا بتوانم ڕستێ وشە
دەنک دەنک
بکەم بە پەتی ئاخمەوەو
گەردانەیەک درووست بکەم
لەگەڵ هەموو فرمێسکەکانی
ئەمێستاکە هەڵموەراند
گەردانەیەک درووست بکەم
بۆ ملی ئەوکیژۆلەیەی
لە گریان زیاتر بۆی گریام
لە سووتان زیاتر بۆی سووتام
لە غەریبی غەریبتر بووم بۆ بینینی
وەکو دیاری پەیکی ئازیز
گەردانەی فرمێسکم بەرەو
بیکە ملی ئەو شاژنەی بە ژیانم پێ ئەکەنی و
بە مەرگم بزەی ئەهاتێ و
درۆی بە خۆشەویستی ئەزانی
عیشق وەکو سووراوی لێوەکانی
هەر ڕۆژە ڕەنگێکی هەبوو
ئەوین وەکو عەتری کراسەکەی
هەرجارە بۆنێکی ئەدا
ببە گەردانەی من ببە
بیکە ئەستۆی
بڵێ ئەوەندەی من گریام
من ئەمەوێت ئەو هەزار ئەوەندە
خۆش بەخت بێت...
ئازیزەکەم....

2005 .8 .27